# ساڵ هاتو ساڵ ڕۆشت*

دەشتی سەباح



ساڵ هاتو ساڵ ڕۆشت ... خۆشەویستی نەهات

ساڵ هاتو ساڵ ڕۆشت ... خۆشنودی نەهات

ساڵ هاتو ڕۆشت، هەموومان ڕۆشتینو

کەسیشمان نەگەڕاینەوە

تێگەیشتم من چەند گەمژەم

خەیاڵاتی سەیر سەیرم دێتە پێش

*   *   *

کە منداڵ بووم

تاکە ئارەزووم ئەوە بوو

لەسەر ڕۆژمێرەکان

خەت بەسەر ڕۆژەکاندا بهێنم

بەڵام ئێستاکە

دەمەوێت هەموو ساڵێک

خەت بەسەر ڕۆژمێرەکانو

هەتا ساڵەکانیشدا بهێنم

*   *   *

لەبیرمە پارساڵ

چ ئومێدێکم هەبوو بۆ ژیانو ئایندە

ئەمساڵی نوێش

چ ژیانو ئایندەیەکم هەیە بۆ نائومێدی

*   *   *

بمبورە لەوەی

کە وەڵامم نەدایتەوە

نووسیبووت "جەژنی سەری ساڵت پیرۆز"

بەس ئەوەندەم پێکرا

بەدیار ئێس ئێم ئێسەکەتەوە

ئارەق بڕێژم

*　　*　　*

زۆربەی تەمەنم

بەژماردنی سەعاتو رۆژو ساڵەکان بەسەر برد

ئێستاش

زۆربەی سەعاتو رۆژو ساڵەکان

بەژماردنی تەمەنم بەسەر دەبەم

*　　*　　*

بابانوئێڵەکان چەند درۆزنن

کە لەکریسمسدا  دیاری بەسەر منداڵان دەبەشنەوەو

پێیان دەڵێن

ئێوە چەند بەختەورن

*　　*　　*

ناتوانم هەرگیز

لەچەند وردە قسەیەکدا

حیکایەتی دڵشکانی خۆمت بۆ بگێڕمەوە

چونکە 29 ساڵە بەدیار عومرێکەوە دەژیم

کە عومری خۆم نییە

*　　*　　*

کەساڵی نویٚ داهات

نەمتوانی هیچ بکەم

تەنها بە تووڕەیی رۆژمێری ساڵی 2007م هەڵواسیو

بەدڵشکانەوە

ڕۆژمێری ساڵی 2006م دڕاند

*      *      *

بەبۆنەی سەری ساڵەوە

برادەرەکانم روخسەتیان دام

کە سەیری دەفتەری یادگارییەکانیان بکەم

ئەوەی من بینیم

هەموو لاپەڕەکان بەقەڵەمی رەنگاورەنگ

نائومێدیان لێ دەڕژا

*      *      *

برادەرە نزیکەکانم

داوایان لێکردم لەشەوی سەری ساڵدا پێکەوە لەسەر مێزێکدا

تازەترین نوکتە بگێڕینەوەو تا درەنگانی شەو قاقا پێبکەنین

هیچم بۆ نەکرا

تەنها بەداوای لێبوردنەوە پێمگوتن

من لەوە زیاتر ناتوانم درۆ بکەم

*      *      *

دەمەوێ سەری ساڵ

زۆرتر لەرادەی پێویست ویسکیو بیرە بخۆمەوە

بۆ ئەوەی زۆرتر لەرادەی پێویست بەسەر

شارو

شەقامو

کۆڵانەکانی منداڵیم

بڕشێمەوە

*      *      *

دوای ئەوەی ساڵێکی دیکە لەتەمەنی من دەڕوات
هیچ شتێک ناگۆڕێت
چاوی برادەرەکانم پریەتی لەخۆزگە
دڵم دەسوتێ بۆ ئەو کچەی
کە شەوانە بە SMS قسە دەکەین
ئەی خودایە من چەند بەدبەختم
لەوە زیاتر بەرگەی قسەی کەستان ناگرم
چونکە خۆیشم بەشێکم لەو بەدبەختییە
*　　*　　*
من قسەی خۆشم لا نییە بۆ ئەوەی فریوتان بدەم
من هیچ نوکتەیەکی تازەم لا نییە بۆ ئەوەی واتان لێبکەم پێبکەنن
سەری ساڵەو بزانن
ساڵێکی دیکەش
لەتەمەنی ئێوە رۆیشت

⋆ بەشێکی دیکە لەنووسینەوەی وردە قسەکان

dashtiabdulla@hotmail.com
**2006/12/26** – هەولێر